# حکومەت جەستەی ڕەیانی پارچە پارچە کرد!

## بەشدار علی

ڕەیان ئەو کچە نۆ ساڵانە بوو کە چاوەڕێی دەمی مامۆستاکانی دەکرد کە (دارا دوو داری دی) فێر بکەن,هێشتا دەستی ڕاست و چەپی خۆی لە یەکتر جیا نەدەکردەوە,بەڵام تێر بە سینەکانی تۆزی مەخموری هەڵمژیبوو و چاوەکانی لە چاوەڕوانی بوو بۆ ئەوەی باوکیان بگەڕێتەوە قۆندەرەو جلێکی تازەی بۆ بکریت,بەدبەختی ڕەیان هەر دڵ شکاندن و شەقی مامۆستاکان و بێ نازی و دوور لە هەست و سۆزی مناڵانەی و دەست ڕانەگەیشتنی نەبوو بە بە بوکۆکە و یاری مناڵانەی,بەڵکو پارچە پارچە کردنی بوو بە چارەنوسی هەر لەو مەخمورەی نەیتوانی هەوایەکی ساف هەڵمژێ و لەنێو گونیەیەکدا دەست و قاچەکانیان فرێ دایەوە !

دوایی تەقینەوە تیرۆرستیەکەی مەخمور لە (15-3-2007)بە گومانی هاوکاری کردنی ئەنجامدەرانی تەقینەوەکە و میوان بوونی چەند عەرەبێك لە ماڵی(شوکر عەلی حاجی) باوکی ڕەیان دەستگیر کرا,ئیتر دوای دەستگیرکردنی, مناڵەکانی شوکر کەوتنە بە هێرش و پەلاماردانی خەڵك و دەزگاکانی ئەمن و ئاسایشیش چاویان لە هەموو ئیهانە و سوکایەتی و پەلاماردانێك پۆشی و سەرەنجام ڕەیانی تەمەن نۆ ساڵانی کچی شوکری دەستگیرکراو دەرفێندرێت و پارچە پارچە دەکرێت و لە گونیەیەکدا لە گۆڕستانی مخمور دەدۆزرێتەوە!

سەرەنجام دوای حەوت مانگ مانەوە لە ئاسایشی هەولێر لە (18-12-2007) بەهۆی نەبوونی هیچ بەڵگەیەك لەدژیدا (بەداوای لێبوردنەوە) باوکی ڕەیانی پارچە پارچەکراو ئازادکرا.

ئێوە سەیر کەن گیان لێسەندنەوە لە کوردستان چەندە ئاسانە,لەبەر ئەوەی باوکی ڕەیان گومانی لێدەکرا کە دەستی هەبێت لە کاری تیرۆرستی (کە دواتر ڕوون بوویەوە کە وانیە),ڕەیان پارچە پارچە کراو دەزگایەکیش لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی نەکرد و بەڵکو بە قسەی دایکی ڕەیان چاوپۆشی و بە دەنگەوە نەهاتنی ئاسایش و پۆلیس ڕێگا خۆشکەر بوو بە ئەنجامدانی ئەو کردەوە نا مرۆڤانە,بۆیە کوشتنی منالێکی نۆ ساڵانە بەم شێوازە دڕندانە لە ژێر هەر بەهانەیەك بێت کارەساتە کە حکومەت و دەزگاکانی بوونە هۆکاری ڕوودانی ئەو کارەساتە کە بەبێ زانیاری دورست و بەڵگە باوکی ڕەیانیان ڕاپێچی زیندان کرد و ڕەیانیش پارچە پارچە کراو ( دواتر داوای لێبوردنیان کرد!)

ڕەیانەکان چی بکەن؟لەژێر دەسەڵاتی حکومەتێك چاویان بە دونیا هەڵهێناوە بە سیاسەت و بەرنامەکانیان,بەدۆست و دوژمن و هاوپەیمانیەکانیان,بە کارە کردەوە و هاوکارییەکانیان,بە پەیرەوکردنی سیستەمەکانیان لە کۆمەڵگادا,هەستی ڕق و تۆڵە سەندنەوە و کوشتن و برین لە نێو دڵ و دەروونی ئینسانەکان چێ دەکەن.ڕەیانەکان چی بکەن کە دەسەڵات و حکومەتێك ژیان و چارەنوسی ئەوانیان بەدەستە,بێ بەرنامەترین حکومەت و دەسەڵاتی دونیایە و یاساو دەستورێکی مەدەنی نیە و بە میزاجی بەرپرسەکان ڕۆژانە جەستەی دەیان منال و پیر و پەککەتە و گەنج و لاو بێ گیان دەکرێت؟!

بەهەرحاڵ ئەوەی گوزەری کرد,بەهۆی کردەوەیەکی هەڵەی دەزگایەکی حکومەت رەیان پارچە پارچە کراو , دەبێت تاهەتایە دایك و باوك و براو خۆشك و ئازیزانی رەیان بە جەرگ سوتاویساتەکانی ژیان بەرێ بکەن.




*(بەشدار علی لەگەڵ دایك و خوشك و براکانی رەیانی کوژراو)*

**Bashdar_net@yahoo.com**